هەواڵی لە نگەرگرتنی پاپۆریک پر لە پەناهەندەی کورد رووپەری یەکەمی زۆر بەی رۆژنامە ئەورووپیەکانی گرتبووەوە. پاناهندە رووەو ئەوروپا یەکێکە لە گرفتەکانیئەم ولاتانە لەم چەرخە تازەیەدا. ئـەم دەقـەی خوارەوە لە ڕۆژی چوارشەمەی ٢٠٠١/٢/٢١ لە ڕۆژنامەی پۆلیتیکنی (Politiken)ی دانیمارکی بلاوکراوەتەوە. ئـەم ڕۆژنامەیە یەکەم گەورەترین ڕۆژنامەی دانیمارکە.وە نـزیکـەی سـەد هەزار ژمارەی ڕۆژانـە لـێ چاپ دەکـرێ .

# کــورد لە مـابـەینی ئــاو و ئــاگردا

کـەمە نـەتەوایەتی کـورد لە عێراق خۆشحاڵـن بەو پاراستنەی، کـە ناوچـەی دژەفـری پێیانـی بەخشیوە. بـەڵام پـشتگێری ئـاسـمانی بـەس نیـە بـۆ پـاراستنی نـاوچـەکەو بـەرقـەرار بوونـی ئـارامی. ئـەمـەش بووە بە هـۆی بـەردەوام بـوونـی شـەپـولـی پـەنـاهـەندە بەرەو ئـەورووپـا .

سـەرچاوەیـەکی کـوردی، مـەحمود عـوسـمان سـەرۆکـیکی کـوردە کە لە لەندەن ، دادەنیـشیت دەڵـی. ئـەو ٩١٠پـەنـاهـندە کـوردەی کـە کـەشتیـەکـەیـان لەنـگەری گـرتبـوو لە کـەنـارەکـانی فـەرنسـا، لەکـۆتـایی هـەفتـەدا، (٢٠٠١/٠٢/١٧) بـەشـێکی یـەکجار کـەم پێـك دینیت لەشـەپۆلـی بـەردەوامی پـەنـاهـندە، کـە دەیـەوی لەدەست شـەرفـروشـتنی سـەدام حسین رزگاری بێت، خـەڵـك کۆچ دەکـات هـێدی هـێدی و بە بردەوامی. پـەنـاهـندەکـانی ئەو کەشتیەی فـەرەنسـا نیشانەیەکی زۆر روونە بۆ ئـەورووپـاییەکـان کـە، شـەپۆلـی پـەنـاهـندە بـەردەوام دەبیت هـەتـاوەکو سـەدام حسین لەسـەر حـوکوم بێت .( هـەموو ئـەو کـوردانـەی کـە مـن دەیـانـاسم ئـاواتخـوازن کـە پـشتگێری ئـاسمانی لەنـاوچـەی کـوردستان بـەردەوان بێت، سـەرەرای ئـەوەی کـەئەوپاراستنەی، ئـەمـرۆ مـانـای پـاراستنی تـەواو نـادات ).ئـەو ٢٥٠ پیـاوە، ١٨٠ ژنە و ٤٨٠ منداڵە کـە ڕۆژی شـەمە گـەیشتنە کـەنـارەکـانی فریجوس لە فـەرەنسا، دەڵـێن کـە لەنـاوچـەی مـوسـلەوە هـاتـوون لە عێراق، کـە لە تیـوریـدا دەبێ بپارێـزرێـن لە لایـەن فـرۆکـەکـانی بـەریتـانیـا و ئـەمـەریکاوە، کـە لەسـەرووی هێـلی ٣٦ی پـانیـەوە ئیـشکگرن .نـاوچـەکە دەکـەوێتـە خـوارو و ڕۆژئـاوای ئـەو ئـاقـارەی کـە لەلایەن دووپـارتی نەیاری یەکترەوە ئیدارەی سـەربەخـۆ دەدری کـەئەویش پـارتـی دیـموکـراتـی کـوردسـتان PDK وە یـەکیتی نیشتمانی کوردستان PUK .ئـازاد سـاڵح کە زمـانـی

کوردی دەدووێ لەلایەن دەسەڵاتدارنی فەرەنساوە گازکرابوو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پەناهندەکاندا. پەناهندەکان دەڵێن کە ترساون لەبەر ئەوەی لادیکانیان کاول کراوە زۆربەیان خاوەنی خانوو ماڵی خۆیانن کە لەلایەن سەدام حسین ەوە دەستی بەسەردا گیراوە لە بەر ئەوەی کوردن. هەندیکیان دەیان گووت کە گۆایە، گەلێکیان سەریان براوە، و ئەوانی دیکە ئەشکەنجە دراون هەموویان دیان گووت کە خۆاردن بەتەواوی بەشی ژیانی ڕۆژانە ناکات، هەتاوەکومنداڵی وورد دەبێ بەبرسیتی سەربنیتەوە.ئەمانیش نەیانتوانیوە زیاتر لەوە بژین. لەراستیدا پیان وابووە کە بەرەو ئیتاڵیا دەچن .

## هەلو مەرجە نادیارەکان

ئازاد ساڵح، کە خۆی هات بۆ فەرەنسا وەك پەناهندە دەڵی کە پەناهندەکان ٢٤٠٠ دوو هەزارو چوار سەد کرونیان داوە تاوکو بگەن بە سنوری تورکیا وە ١٦٠٠٠ ـ ٢٤٠٠٠ کرون تا بگەن بە ئەو پاپورەی کە لەنگەری گرتبوو لە کەناری دەریا، لەرۆژهەلاتی تورکیا.ئەم رووداوە و کۆچی بەردەوامی کوردەکان دووبارە ئەوە دەسەلمینی، کە هەلو مەرجی داهاتووی گەلی کورد نادیارە. لەباکوری عێراق نزیکەی ٤٠٠٠ گوندیان روخاندو ە وکاولکراوە ئازاد دەلی.ناوچە کوردیەکان لەباکوری عێراق لەمێژەوە ناکۆکیان لەگەڵ رژێمی بەغدادا هەیە. لەساڵی ١٩٨٨ سەدام چەکی کیمیاوی بەکارهێنا لەهێرشێکیدا بۆ سەر شاری هەڵبجەکە بوو بە هۆی کوشتنی هەزاران مرۆڤ.

ناوچە کوردیەکان لەباکوری عێراق لەمێژەوە ناکۆکیان لەگەڵ رژێمی بەغدادا هەیە. لەساڵی ١٩٨٨ سەدام چەکی کیمیاوی بەکارهێنا لەهێرشێکیدا بۆ سەر شاری هەڵبجەکە بوو بە هۆی کوشتنی هەزاران مرۆڤ.لە ساڵی ١٩٩١ لەپاش شەری کەنداو سەرهەڵدان دەستی پێکرد لەباشوور و باکووری عێراق، زۆربەی کوردەکان ماڵیان بەجێهیشت رایان کرد لەترسدا، کاتێک کە هێزی سوپای عێراقی ویستی دەست بگرێتەوە بەسەر ناوچەکانیاندا.نەتەوەیەکگرتیووەکان لەئەپریلی ساڵی ١٩٩١ دا بریاری ٦٨٨ی دەرکرد، کەتێدا داوا لە عێراق دەکات کە دەست لەچەوسانەوەی خەڵکی مەدەنی هەڵگرێت. وولاتە یەکگرتووەکان بریاری قەدەغەکردنی هەڵفرینی فرووکەی عێراقیدا لەسەرووی هێلیپانی ٣٦وە بۆ پاریزگاری کردنی ناوچەکانی (PUK) و (PDK).

## بـه عـەرەب کـردن

نـاوچـەی قـەدەغـەکـردنی فـرین تـەنهـا (٣/٢) دوو لە سەرسیێ نـاوچـە کـوردنیـشینەکـان دەگـریێتەوە، لەکـاتیێکدا نـاوچـەیەکی فـرەوانـی وەک کـەرکوک هـەتـاوکوو ئیێستا لەلایـەن عیێراقیـەوە کـونتـرول کـراوە. رژیـمی عیێراق لەسـاڵی ١٩٩١ بـەدواوە دەسـتی لە نـاوچـەی بـەرفـراوانـی پڕ لەنـەوتی کـەرکـوک ومـوسـل هـەڵنـەگـرتـووە هـەر لەوکـاتـەوە بـەشیێوەیـەکی سیستەمـاتیـکاتە خیێزانی عـارەبی نیشتەجیێ نـاوچـەکە کـردووە وە دانشتـوانە رەسـەنەکەی کـە کـوردن دەرکـردووە. بـاڵـی عیێراق دریێژە ودەگـاتە ئـەو نـاوچـانەی کـە لەلایـەن کـوردەکـانەوە بـەریێوە دەبـرین. وە هەروەها مـەحمـود عـوسـمان دەڵـی کە سیخـوری عیێراقی وە دەردەکـەون لە ناوچەکەو وبـزردەبن دووبـارە " پـەیـوەنـدی نیێوان پـارتـە کـوردیـەکـان هـەلـوو مـەرجـەکـان بـۆ رژیمی عیێراقی لەبـارتـر دەکـات بـۆ نـاردنـی سیخـورەکـانی هـەر بـۆیە رژیمی عیێراق تـاوکو ئیێستاکەش زۆر چـالاکە بـەهـۆی سیخورەکـانیەوە لەم نـاوچـەیە، بـەڵام سـەدام حسین نـاتـوانی سـوپـاکەی بنیێـریتە سـەر نـاوچەکە یاخود خەڵکەکە بداتە بـەر تـوپ وەک پیێشان دەیکرد.

لەهـەفتەی رابـردوو (PDK) بـڵاویکردووە کـە چـەند کـەسیێک بـەچـەکی ئـوتومـاتیـک پـاریێزگـای رابـردووی هـەولیێر ( فەرنسو حەریریان) تیـروور کـردووە، لەشـاری هـەولیێر کـە نـاوچـەیە کـە لەژیێر دەسـتی کـوردایە. حەریـری تـاپـار سـاڵ پـاریێزەری شاری هـەولیێر بـوو لەلایەن (PDK) یەوە ئەوکارەی پیێسپیێردرابوو، لەکـاتیێکدا لەنـاو ئـوتومبیلەکەی بـووە دەسـتریێژی لـیێ کـراوە لە ڕۆژی یەک شـەمەدا پـارتـی ئەم هەواڵەی رایگەیـاند، تـاوکو ئیێستاکە دیـار نیە ئـاخـوو حـکوومەتی عیێراقی دەسـتی لەم تـاوانە هەبووە.

## عیێراق بـەرەودواو سەرکوتکرا

فـرۆکە ئیـشکگرە ڕۆژئـاوایەکـان لەوانەیە پـاریزگاری تەواو نـەکەن، بـەڵام گـەلیێک لە کـوردەکـان پیێان وایە رولیێکی گـەلیێک گـرنـگ دەبـیێنن. بـەگـویێرەی هـەواڵەکـانی وزارەتـی دەرەوەی بـەریـتانیـا بیێت هیێزی سـوپـای عیێراق لەمـانگی دوانـزە دەوری شـاری بـاعـەدرکە دەکەویێتە نـزیـک دهـوکەوە، بـەڵام هیێزەکـانی پـارتی دیمـوکـراتی کـوردسـتان (PDK) پـاشـەکشەیـان بە سوپای عیراق کـردووە بـە پـاڵپشـتی هـەوایی لە

فرۆکەکانی ئەمەریکا وبەریتانیاوە . مەحمود عوسمان دەڵی، گەلێک لەو پەناهەندە کوردانەی کە دەگیەنە ئەووروپا لەو لادیانەوە هاتوون کە لەدەرەوەی ناوچە پاریزراوەکانن .هەندیکیان لە کەرکوکو ئەو ناوچانە دەرکراون کە دەکرین بە عەرەب، ئەوناوچانەی لەژێر دەستی رژیمی عیڕاقدایە. بەڵام لەناوچە بەناو رزگارکراوەکان نەکاریان دەست دەکەوی و نەخانو وجیّگا !

هیّشتنەوەی ناوچەی باڵەفرەی قەدەغەکراوو وە هەروەها هیّرشەکانی فروکەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا لەرۆژی هەینی٢٠٠١/٢/١٦ بۆ سەر رادارەکانی دەووروبەری شاری بەغداد جیّگای رەخنەیەکی زۆری نیّوو دەولەتان بوو، بەڵام ئەو هەموو پەناهندە کوردەی کە لە ئەورروپایە پیشانی دەدا کە ئەم مەسەلەیە روویەکی تریشی هەیە.

**لە وەرگیرانی**

**نەوزاد مارف**

**دا نمارک٢٠٠١/٣/٧** □□□□□□